سوریا ... زیادکردنی مووچەی خانەنشینان بە ڕێژەی لە 200% ڕ

ئەمڕۆ یەکشەممە، ئەحمەد شەرع سەرۆکی کاگوزێری سوریا فەرمانێکی یاسایی دەرکرد بۆ زیادکردنی موچەی خانەنشینی بەڕێژەی 200%، وەزارەتی دارایشی ڕاسپارد بۆ ئامادەکردنی هەمواركردنەوەی یاسای خانەنشینی.

ڕ

بەگوێرەی فەرمانێکی سەرۆکایەتی سوریا کەوا واژۆی ئەحمەد شەرعی لەسەرە و ئەمڕۆ 22ی (حوزەیرانی 2025 دەرچوە، ئامانجی باشترکردنی بارودۆخی ژیانی خانەنشینەکانە لەنێو زیادبونی ئاستەنگە ئابوورییەکان.

ڕ

بەگوێرەی فەرمانی ژمارە (13)ی ساڵی 2025، سەرجەم خانەنشینان و سودمەندەکانیان، جگە لەو هاوڕاتییە مەدەنییانەی خانەنشینی کەمئەندامی وەردەگرن کە پەیوەندییان بە هیچ خاوەنکارێك یان خانەنشینییەکی دیکەوە نییە، سودمەند دەبن لەو زیادکردنە.

ڕ

ڕ

لە فەرمانەکەدا دوپاتیکراوەتەوە، ئەم زیادکردنە کاریگەری لەسەر کەمترین خانەنشینی نابێت، زیادکردنەکەش بۆ خانەنشینانی کەرتی تایبەت، نابێت لە هاوتاکانیان لە کەرتی گشتی زیاتر بێت.

لە فەرمانەکەدا وەزیرانی دارایی و کاروباری کۆمەڵایەتی و کار پاسپێردراون، بۆ دەرکردنی بڕیارنامەی تایبەت بەجێبەجێکردنی فەرمانەکە، ئەمەش جگە لەوەی ئەرکی خستێتە ئەستۆی وەزارەتی دارایی بۆ ئامادەکردنی هەشنوسی هەموارکردنەوەی یاسای خانەنشینی.